# پاڵپشتە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندی بە تایبەتمەندی کەسایەتی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان-عیراق

ID No. 1042

(PP 300 - 319)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpB.17

**ئاشنا عبداللە عبدالرحمن**

بەشی باخچەی منداڵانن،کۆلێژی پەروەردە ی بنەڕەتی،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Ashna.abdulrahman@su.edu.krd

**بان صباح یحیی**

بەشی باخچەی منداڵانن،کۆلێژی پەروەردە ی بنەڕەتی،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Ban.yahia@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2023/03/08**

**پەسندکردن : 2023/05/18**

**بڵاوکردنەوە : 2023/12/15**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی بریتیە لە دیاریکردنی ئاستی پاڵپشتە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی بە تایبەتمەندیە کەسایەتی مامۆستایانی باخچەی منداڵآن بەپێی هەندێک بنەمای گۆڕاو. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەران پێوەری پاڵپشتی کۆمەڵایەتیان ئامادەکرد، کە پێکهاتبوو لە (٥٠) برگە و وەڵامەکانیان بەو شێوەیە: (بە تەواوی هاوڕام (٥)، (٤)، بێلایەنم (٣)،هاوڕانیم (٢)،بە تەواوی هاوڕانیم (١)، هەروەها توێژەران پێوەری (غانم، ٢٠٠٥) پەسەند کرد کە پێکهاتبوو لە (٣٥) برگە و وەڵامەکانی (بە تەواوی هاوڕام (٥) ،هاوڕام (٤)، بێلایەنم (٣)، هاوڕانیم (٢)، بە تەواوی هاوڕانیم (١). وە دوای دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمێترییەکانی ئەو دوو پێوەرە ، پێوەرێک جێ بە جێکرا بۆ نمونەیەک کە پێکهاتبوو لە (360) مامۆستای ژن لە باخچەی ساوایانی حکومی بۆ ساڵی خوێندنی 2021-2022 لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی بەکارهێنرا ، و بە بەکارهێنانی جانتای ئاماری SPSS، ئەنجامەکان دەرکەوتن کە جیاوازی لە نێوان مامۆستایانی باخچەی ساوایاندا هەیە لەسەر پێوەرەکانی پشتگیری کۆمەڵایەتی، هەروەها جیاوازی لە نێوان مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەسەر پێوەرەکانی تایبەتمەندی کەسایەتی و پەیوەندی نێوان پێوەرەکانی پشتگیری کۆمەڵایەتی و پێوەرەکانی تایبەتمەندی کەسایەتی نیشان دا، و بە پشتبەستن بە ئەنجامی توێژینەوەکە، توێژەران گەیشتنە چەند راسپاردەو و پێشنیارێک.

**وشە سەرەکییەکان** : پاڵپشتە کۆمەڵایەتیەکان،تایبەتمەندی کەسایەتی، باخچەی منداڵان.

## 1- پێشەکی

### 1-1 کێشەی توێژینەوە:

پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی بە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەو ئاسایشە دادەنرێت، کە مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژێت پێویستیی پێیەتی، کاتێك هەست دەکات شتێك هەڕەشەی لێ دەکات، ئەویش هەست بەوە دەکات، کە وزە و تواناکانی تەواوبوون و چیتر توانای ڕاوەستانی دژی ئەو مەترسییە نەماوە، کە هەڕەشەی لێ دەکات و پێویستیی زۆری بە هاوکاری و یارمەتیدان و پاڵپشتیی دەرەکی هەیە، بە تایبەتی کاتێك ئەو هاوکارییە لە نزیکترین کەسەوە بۆی دێت. چونکە لە لێکۆڵینەوەکەی "بیرگمان"(Bergman) ئەوە دەرکەوت، کە پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی هەستی تاك بە ڕەزامەندی دەربارەی خودی خۆی و ژیانی زیاتر دەکات. (عاقل،2015،ص:3-4).

پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی بە جیاوازیی قۆناغی ئەو تەمەنەی پێیدا تێدەپەڕێت جیاوازیی هەیە، بۆیە دەبینین لە قۆناغی منداڵێتی پاڵپشتیی خۆی لە خێزاندا دەبینێتەوە (دایك، باوك، خوشك و برا)، لە قۆناغی هەرزەکاریش خۆی لە خێزان و کۆمەڵی هاوڕێدا دەبینێتەوە، لە قۆناغی پێگەیشتنیشدا خۆی لە پشتگیریکردنی هاوسەرەکاندا دەبینێتەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی کارو ڕۆڵەکانیش.( الديداموني،2009،ص:27)

تایبەتمەندییە کەسییەکانیش (السمات الشخصيه) بریتین لەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازییان هەیە، تا ڕادەیەك بە ڕێگەیەکی جێگیر و ململانێکارانەو بە زۆریش لە تێبینیکردنی ڕەفتارەوە دێنە ئاراوە (قاضي، 1984: 8).

تایبەتمەندییە کەسێتییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاک هەیە، هەر ئەو تایبەتمەندییانەش لەگەڵ یەکتریدا بەشداری لە پێکهێنانی یەکەیەکی بنەڕەتیی بونیادنانی کەسایەتیی کەسەکەدا دەکەن، چونکە ئەوەی تایبەتمەندییەکانیش پێکهاتەی دەروونین و لە ڕێگەی بوونیان لە میانی تێبینیکردنی ڕەفتارەوە هەستیان پێ دەکەین.(زامر٢٠١٨،ص:٣).

لە بەر ئەوەی مامۆستای باخچەی منداڵان مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزێکی بنەرەتیدا دەکات لە بونیادنانی کۆمەڵگە کە ئەویش منداڵە، بۆیە ئەگەر توانی بەشیوەیەکی شارەزاییانە و دروست بەسەر ژینگەکەیدا زاڵبێت، ئەوکات بەشێوەیەکی ئەرێنی ڕەنگدانەوەی لەسەر کارلێک و بەڕێوەبردنی ژینگەی دەورووبەریشی دەبیت، هەروەها لەسەر ئەو کەسانەی کە مامەڵە و کارلێکیشیان لەگەڵدا دەکات، زۆر بەتایبەتیش منداڵان.(اللقانی،١٨٨٩،ص:٢٩٨).

بۆیە  بە پیویستی زاندرا توێژینەوەیەک ئەنجامبدرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لای تویژەران  دروست بووە لە ئەنجامی هەبوونی ئەزمونی چەند ساڵەی لە ناوەندەکانی خویندن لە باخچەی  منداڵان تێبینی کردنی لە هەبوونی کەمووکوری لە هەریەک لەو گۆڕاوانەی باسکراون ، پرسیارەکەش بریتیە لەوەی : ئایا پەیوەندی لە نێوان پاڵپشتی کۆمالایەتی و تایبەتمەندی کەسایەتیدا هەیە؟.

**2-1 گرنگی توێژینەوە:**

لە ئاستە بەرز و چالاکەکەیدا، هەردووو جۆری پالپستی کۆمەڵایەتی چ لەسەر ئاستی ستراکچەری و چ لە ئاستی کارایی و کردەیی، بابەتی گرنگن. بابەتی ئەوەی دەکرێت پێکهاتەکان یەکەکانی پاڵپشتی مرۆیی چی بن؟ بێگومان ئەمانە گرنگە. بابەتێکە دەکرێت هەم لەناو زەینی تاك و هەم لەناو کۆمەڵگەکان پەرەی زیاتری پێ بدرێت.(سیدۆ مۆرگان،2021،ص58-59-60).پاڵپشتی لە بونیادی کۆمەڵایەتی بە سەرچاوەیەکی گرنگ و کاراو کاریگەر دادەنرێت، کە مامۆستا  پێویستی پێی دەبێت و کار دەکاتە سەر ڕێژە و سرووشتی پەیوەندییەکان و ئاستی بەهێزی و کاراییان کە تاك لەگەڵ ئەونی دیکە بونیادی دەنێت، لە چۆنیەتیی پەیبردن و بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکان و دۆزینەوە و دانانی ئاسانترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنیان، ئەو ڕایەڵە و پەیوەندییانە پێویستییان بە بەهێزکردن هەیە لە میانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو ناوەندەی لەگەڵ ئەوانی دیکە تیایدا دەژین، کە خوڵقاندن و پێکهێنانەکەیشی لە میانی بەخشینی خۆشەویستی و سۆز و هاوکاری و دڵسۆزی دەبێت، ئەمەش وای لێ دەکات، لە بەرانبەر گرفتەکانی ژیان بە شێوەیەکی گشتی بەهێزو توانا بێت. چونکە پاڵپشتی پەیوەستە بە دیاردەی تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، بەختەوەرییەکەیشی هەر لە میانی بونیادنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان تاکەکان لە سەرجەم بوارە جیاوازەکاندایە. هاوبەشی بەشداریکردنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ویژدانی، یان هەتا درێژەدان بە مەعریفە و زانیارییەکان، یاخود ڕەفتارو کردارەکانیش، هەر هەموویان خۆیان لە کرۆك و ناوەڕۆکی ئەو پاڵپشتیی کۆمەڵایەتییەدا دەبیننەوە، کە تاك ئەنجامیان دەدات.( الحافظ،2020،ص61-62).

چەمکی سیفەتی کەسایەتی یەکێکە لەو ڕەهەندە بنچینەییانەی کە دەروونناسەکان لە بواری لێکۆڵینەوەی کەسایەتیدا گرنگییان پێداوە وەک یەکێک لە دەرکەوتەکانی ڕەفتاری تاک، وەک لە دیاریکەرەکانی کەسایەتی و نەخشەکەی لە تاکدا ئاماژەی پێدەکات. (حامد : ٢٠٠٣ ، ٢٨)

تایبەتمەندیی کەسایەتی گۆڕانکاری گرنگن لەلایەن توێژەران و زانستی دەروونناسی چونکە ڕۆڵ و گرنگیان هەیەو کاریگەری ئەرێنی و کۆمەڵایەتیان دەبێت لە شوێنی کارو ناوەندەکانی فێرکردن ، گرنگیدان بە تایبەتمەندی کەسایەتی بابەتی گرنگ و وابەستەن بە کارلێکی ڕۆژانەی تاکەکان لە گەڵ دوروبەرو ناوەندە ژیارییە جیاوازوکان، فاکتەری هاوسەنگی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژین لە هەردوو ئاستی کەسی و کۆمەڵایەتی، کە پەیوەستە بە بوونی توانستی تایبەتمەندی کەسێتی تاکەوە.

**3-1 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

1- زانینی ئاستەکانی ئاماری لە دەستەبەربوونی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لەلایەن مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستاندا. (هەولێر-سلێمانی).

2-زانینی ئاستەکانی تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی لەلای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان (هەولێر- سلێمانی).

3-زانینی ئاستەکانی جیاوازی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لەڕووی تایبەتمەندی کەسایەتی لەلایەن مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستاندا. (هەولێر- سلێمانی).

**4-1  سنوری توێژینەوە:**

سنووری مرۆیی: مامۆستانی باخچەکانی منداڵانی حکومی ناوەندی پارێزگایی (هەلێر- سلێمانی) بوو.

سنووری کات: لێکۆلینەوەکە لە ساڵی 2021-2023 جێبەجێ کرا .

سنووری شوێن: لێکۆلینەوەکە لە باخچە حکەمییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێرو ناوەندی پارێزگای سلێمانی پراکتیزەو جێ بەجێ کرا.

**5-1 پێناسەی تایبەتمەندی کەسایەتی**

١- پێناسەی رمزي (1979): بریتییە لە کۆمەڵە تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی کەسی کە تا رادەیەك درێژخایەنەو لە میانی رەفتاری تاك لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، ئەو خەسڵەتانەش لایەنی چالاکییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و عەقڵی و جەستەییەکان دەگرێتەوە (ترکي، 1980: 286)

٢- پێناسەی عبدالحمید (1999):

"پلەو ئاستی هەستکردنی تاکە بە دابینکردنی بەشداریکردنی سۆزداری و پاڵپشتیکردنی مادی و کرداری لەلایەن ئەوانەی دیکەوە، وەکو خێزان و خزم و هاوڕێیان و سەرۆکی کار"( شنودة،2011،ص:14)

**2- چوارچێوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر**

**2-1- چەمکی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی:**

پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی، تا ڕادەیەك چەمکێکی نوێ و هاوچەرخە، کە زانستە مرۆییەکان و کۆمەڵناسی لە چوارچێوەی توێژینەوەکانیان سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تاووتوێیان کردووە. دەرکەوتنی زاراوەی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بە دەستپێکی ڕاستەقینەی دەرکەوتنی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لەبەرئەوەی پەیبردن و درکپێکردنی تاك و هەڵسەنگاندنی بۆ ئاستی پاڵپشتییەکە، پشت بە پەیبردن و درکپێکردنی دەبەستێت بۆ تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری خۆی، کە چوارچێوە گشتییەکان دەگرێتەوە و سەرچاوەکانی پشتگیری و متمانەی تاکیش لەخۆدەگرێت، پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی لە دووتوێی خۆیدا واتای پشتگیری و پاڵپشتی و هاوکاری و یارمەتیدان دەگرێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوە و رووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکان، یەکێکیشە لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە مەزەندە و زانیارییەکان و دڵنیایی بە کەسەکان دەبەخشێت و هەستکردنی بە ترس و پاڵەپەستۆکانی ژیان کەم دەکاتەوە، هەروەها یارمەتیی بیرکردنەوەی باش و چاکترکردنی کارامەییەکانی پـەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەری خۆی باشتر دەکات، سەرباری ئەوەی پاڵپشتیی کۆمەڵایـەتی توانای تاك لەسەر بەرگری و زاڵبوون بەسەر شکستەکانیدا زیاتر دەکات و وای لێ دەکات توانای چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی بە ڕێگەی باش هەبێت.( عبدالرزاق،1998،ص:١٦)

زانایان لە شرۆڤەکردنی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی جیاوازییان هەیە، چونکە زاراوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان وا دارِشتووە، کە دەستپێکی دەرکەوتنی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتییە و هەندێکیان ناوی دەرامەت، یان توانستە کۆمەڵایەتییەکانیان لێ ناوە، کەچی هەندێکی دیکە بە دەستگیرۆییکردنی (امدادات) کۆمەڵایەتی ناوی دەبەن.( محمد،1998،ص:160)

**2-2-سەرچاوەکانی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی:**

یەکەم: پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی لە ناو کاردا، ئەمەش خۆی لە (سەرکردەکانی کار و هاوڕێیانی کار و ئەوانەی دەوروبەری ناو ژینگەی کارکردن).

دووەم: پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی کار، کە خۆی لە (تاکەکانی خێزان، خزمەکان، دۆستان، دراوسێ، تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە, کە تاك لە ژیانی رۆژانەیدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.( عبدالسلام،2005،ص:٩)

**3-2-چەمکی تایبەتمەندی کەسییەتی:**

چەمکی کەسێتی لە بابەتە گرنگەکانی بواری دەروونزانیی هاوچەرخە، بە جۆرێك زۆرێك لە زانایانی دەروونزانی بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی داوەو هەوڵی دانانی بنەمای تیۆریانەی بۆی داوە، کە راڤەی رەفتاری مرۆڤانە دەکات لە چوارچێوەیەکی لۆژیکیانەی رێکوپێك، ئەمە وێڕای فرەیی لێکۆڵینەوەکان و ئەو توێژینەوانەی کە تاووتوێی کەسێتییان کردووە (أبو هاشم، 2007: 210- 211).

کەسێتیی مرۆڤایەتی، بریتییە لە کەسایەتیی خودی تاك، هەروەها بریتییە لە کەسێتیی خودێك، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە تاك قەوارەیەکی تاك و تایبەتە پێیەوەو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیشی هەڵدەگرێت، هەر تایبەتمەندییەکیش تیایدا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی دیکە، هەتا لایەنە هەرە تایبەتەکانی برایەکی جمکیش، ئەم خەسڵەت، یان تایبەتمەندییانە پێی دەناسرێتەوەو لە مرۆڤەکانی دیکەی جیا دەبێتەوە، چونکە ئەوە جەختکردنەوەیە بۆ خودی خۆی و رەتکردنەوەی بوونی لە یەکێکیتر، چونکە ئەو یەکەیتر ئەو نییە، ئەویش کەسێکیتر نییە، لەبەرئەوەی هەردووکیان لە خەسڵەت و سیماو تایبەتمەندییە تایبەتی و گشتییەکان جیاوازن، بەڵام لە هەندێك لایەنیشەوە هاوشێوەن* وەکو پێکهاتن و بونیادو لایەنی مرۆیی (الأمارة، 2014: 15).

**2-4-پێکهاتەکانی کەسێتی:**

ئەو هۆکارە سەرەکییانەن کە بە ئاشکراو بە تەواوی بەشداری لە بونیادنانی کەسێتیدا دەکەن (قطامي، 2014: 30)

ئەوانیش پێکدێن لەمانەی خوارەوە:

(1. پێکهاتەی جەستەي . 2- پێکهاتە عەقڵییەکان. 3 پێکهاتە هەڵچوونییەکان 4 پێکهاتەی ژینگەیی ، 5- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی (،(حسين، 2002: 94) ، ( محمد الزيني، 1974: 38)،(الحسين، 2002: 94)،(شاذلي، 1999: 313- 317)،( .(عبود، 2010: 5).

**2-5-تایبەتمەندییەکان:**

تایبەتمەندی، چەمکێکی بنەڕەتییە لە دەروونزانی کەسێتی، تایبەتمەندی لە زمان بە واتای سیفەت، یان خوو، یاخود نیشانەی جیاواز دێت، بەرلەوەی تایبەتمەندی لە رووی هونەرییەوە لە دەروونزانیدا بەکاربێت، کەسی ئاسایی و ناتایبەتمەند لە قسەکانیدا بەکاریدەهێنا، بە تایبەتی لە وەسفی کەسێك کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد بەکاری دەهێنا، بە جۆرێك هەر یەکە لە ئێمە چەمکی تایبەتی لەو تێبینیکردنانەمان بەکاردەهێنین کە لە ژیانی رۆژانەماندا ئەنجامیان دەدەین، پاشان دەڵێین: چەمکی تایبەتمەندیی کەسێتی رەگوڕیشەی لە نا یبەتمەندەکان و لە تێبنیکردنەکانی ئەوانیتردا هەیە (احمد، 2015: 74).

**2-6- تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی:**

لە لایەنە بایەخدارەکانی کەسایەتی دادەنرێت، ستۆگدڵ (Stogdill) وا سەرنجی تایبەتمەندییەکان دەدات بەوەی کرداری رێکخراوی خودن لە میانی سێ ئەرکەوە: درکپێکردنی دەستەبژێریانە و لەبیرچوونەوەو فێربوونی دەستەبژێری، هەروەها پێیوابوو کە تایبەتمەندی هیچ کاتێك تایبەتمەندی بە هەمان نمرەو ئاست نەبینیوە، هیچ کەسێکیش پێکهاتەی دەماری دەروونی نەبینیوە، ئەمەش بە بیرۆکەیەکی رووت و پەتی دادەنرێت، یان پێکهاتەیەکی گریمانەییەو دەربازبوون لێی مەحاڵە، لە راستیدا هیچ کەسێك بە هەمان پلەو ئاست تایبەتمەندی نەبینیوەو هیچ کەسێکیش هەرگیز لە واقیعدا هیچ پێکهاتە، یان کردارێکی نەبینیوە کە دەروونزانی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، وەکو پاڵنەرەکان و نەریتەکان و پێشبینییەکان و ئاراستەکان و ئەوانیتر، بەڵکو قسەکە لەسەر پێکهاتە گریمانەییەکانە، تایبەتمەندیش بەو پێیەی یەکێکە لەو پێکهاتانە، بەرئەنجامێکەو دەربازبوونی بۆ نییە. (ابو دية والرسام، 2017: 173).

2-7- ئەو تیۆرانەی شرۆڤەی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی دەکەن:

کارڵ ڕۆجرز پێیوایە کە: "مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی هوشیار و عاقڵمەندە، ئیدراکی تەواوی بە خۆی و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژێت بڕیاری لەسەر دەدات، بۆیە ئەو ڕێز لەو پاڵشتیی کۆمەڵایەتییە دەگرێت، کە تاك لە دەوروبەری خۆی وەریدەگرێت.( سعيد،1989،ص:92)

پەرەسەندنی تەندروستیی دەروونی بۆ ژیانی تاك دەکرێ بۆ تاك ئەرکی دەروونیی تەواو بەرهەم بهێنێت، بۆیە ئەو بەوپەڕی توانایەوە کۆشش بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە و پەرەسەندنی دەکات، ئەو تاکەی کە خودی خۆی بەدەست دەهێنێت، ئەو کەسەیە کۆشش بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەکەی و گەشەپێدانی دەکات، بەوپێیەی ئەو تاکەیە، کە بە تەواوی درك بە تاقیکردنەوەکانی دەکات، واتە ئەو تاقیکردنەوانە پشتگوێ ناخات، یان ڕێیان لێ ناگرێت و نایانشێوێنێت، لەبەرئەوەی لە ناو خودی گەشەسەندو و تەندروستی و کارای خۆیدا دەیپاڵێوێت و تێیدەپەڕێنێت، هەروەها تاکی تەواو لە ڕووی دەروونییەوە، توانای لە گوێگرتنی هەموو چرکەساتەکانی ژیانی هەیە، لە میانی ئەو چێژ وەرگرتنەی کە تاقیکردنەوە نوێیەکان لە ژیانیدا بۆی دەهێنن (وەکو پاڵشتیی کۆمەڵایەتی لە باوان و

هاوڕێیان و...تاد). هەروەها تاکی تەواو لە ڕووی دەروونییەوە توانای وەرگرتنی بڕیاری گونجاوی هەیەو هەست بە ئازادی دەکات لە پێناوی جووڵەکردن بە هەر ئاڕاستەیەك کە خۆی بیەوێت، تاکو توانای هێنانەدیی خودی خۆی هەبێت.هەستکردن بە ڕەزامەندی، بەدەست نەهێنانی ڕێزگرتنیش دەبێتە مایەی نائومێدی و شکست، ئەگەر دایك ڕێزگرتنی ئەرێنی نەبەخشێت، ئەو کاتە مەیل و ئارەزووی منداڵی شیرەخۆرەش بۆ هێنانەدیی خود و دەوڵەمەندبوونی کۆسپی دێتە پێش و منداڵ درك بەوە دەکات، کە ڕەتکردنەوەی دایك بۆ ڕەفتارەکانی دەبێتە مایەی نکۆڵیکردنی هەمان لایەنەکان. ( محمد،2009،ص:61-60)

**2-8-ئەو تیۆرانەی شرۆڤەی تایبەتمەندییە کەسێتییەکان دەکەن:**

**-تیۆری ئەلپۆرت Allport :**

"ئەلپۆرت بە راگرو ستوونی سایکۆلۆژیای تایبەتمەندییە کەسێتییەکان دادەنرێت، بەو چاوەوە سەرنجی تایبەتمەندییەکانیدا کە یەکەیەکی گونجاوە بۆ وەسفکردنی کەسایەتی و تایبەمەندی لای کەسەکە، هەرچەندە تەنها سیفەتێکی جیاوازی رەفتاری تاك نییە، بەڵکو لەوەش زیاترەو ئامادەکاری، یان هێز، یاخود پاڵنەرێکە لە ناو تاك و پاڵ بە رەفتارەکانییەوە دەنێت و بە رێگەیەکی دیاریکراو ئاراستەی دەکات، کە بە بەخشندە ناسراوە، بۆ نموونە هەمیشە لە ئامادەباشیدایە بۆ هەڵسوکەوتی بەخشندەییانە لە هەموو هەلومەرج و هەڵوێستەکان و هەمیشەش بە دوای ئەو هەڵوێستانەدا دەگەڕێت کە بە شێوەیەکی بەخشندەییانە هەڵسوکەوت دەکات" (نجاتي، 1408هـ: 339-340).

**2-9-لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر**

**1-ئەو لێکۆڵینەوانەی تاووتوێی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی دەکەن.**

**1-لێکۆڵینەوە عەرەبییەکان:**

**- لێکۆڵینەوەی أمل داودسەلیم ، علا حسين علوان (2016):**

**ناونیشانی توێژینەوە: پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە.**

مامۆستا بە یەکێك لە کۆڵەگە بنەڕەتییەکانی کرداری فێرکردن دادەنرێت، ئەوەش لە سۆنگەی ئەو ڕۆڵە گرنگەی لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵی باخچەدا دەیگێڕیت، بۆیە هەژاری و ئاستی نزمی لە ناو ژینگەی باخچە کە کاری تێدا دەکات، بە یەکێك لەو هۆکارانە دادەنرێت کە باخچە بەدەستیانەوە دەناڵێنێت و پێویستە چارەسەر بکرێت، لەبەرئەوەی دەکرێ کار بکاتە سەر لایەنی هاندان و پاڵنان بۆ کارکردن لە باخچە. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشکەشکرا، توێژەر ئەم ئامانجەی خوارەوەی وەکو پێویستییەك دانا: زانینی ئاستی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە، ئەوەش لە میانی تاقیکردنەوەی ئەم گریمانەیەی خوارەوە:

گریمانەی سفری (الفرضية الصفرية): نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە نێوان مامناوەندیی ئەژماریی نمرەکانی مامۆستایانی باخچە لەسەر پێوەری پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی و مامناوەندییوونی گریمانەیی لە ئاستي بەڵگەداریی (0.05)و بۆ پێوانەی ئاستی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی، هەردوو توێژەر ئامرازی پێوانەکردنی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتیی مامۆستایانی باخچەی داڕشت و بونیادنا، چاوگەنموونەکەی توێژینەوەکەش لە (34) مامۆستا پێکهاتبوو،ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بوونی لاوازیی لە ئاستی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتیی مامۆستایانی ناو ژینگەی باخچەی دەرخست، بەپێی ئەنجامەکانیش هەردوو توێژەر ژمارەیەك بەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاریان خستەڕوو.(سليم و علوان،2016)

**- لێکۆلینەوی بیانی:**

**لێکۆڵینەوەی دیمار (Demar ( 2005, الینویس، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا:**

ناونیشانی لێکۆلینەوەکە:پەیوەندیی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی بە گونجان لەلای قوتابیان(شیکارییەکی درێژی- تحليل طولي ).

ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە: ئامانجی لێکۆڵینەوەکە پشکنینی پەیوەندیی نێوان پاڵپشتیی کۆمەڵایەتیی تێبینیکراو و رەفتارەکانی گونجاندن لای هەرزەکاران لەگەڵ تێپەڕبوونی کات.

چاوگەنموونەی لێکۆڵینەوەکە: چاوگەنموونەی لێکۆڵینەوەکە گەیشتە (82) قوتابیی لە قوتابیانی ناوەندی لە هەردوو قوتابخانەی ئامادەیی سەر بە شاری ئەلینۆسی باکوور.

ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەکە: پێوەری پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی لای هەرزەکاران و منداڵان (ديماري، كميلكى 2000) و پێوەری هەڵسەنگاندنی ڕەفتار لای منداڵان و راپۆرتی خودی (رينولدس، كيمفوس 1998) پیادە و جێبەجێکرد. گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە: بوونی پەیوەندیی نێوان پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی و رەفتاری گونجاندن لەلای قوتابیان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بە

شێوەیەکی دیاریکراو، پاڵپشتیی پێشکەشکراو لەلایەن باوانەوە پەیوەست بوو بە خراپ سازانی شیکاری و پاڵپشتیی باوانیش پەیوەست بە سازانی کەسێتییەوە. هەروەها ئەوەش دەرکەوت، کە پاڵپشتیی هاوڕێیان پەیوەست بوو بە نیشانە سۆزدارییەکان و ئەوەش دەرکەوت، کە پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی پەیوەست بوو بە خەراپی سازانی لە قوتابخانە.(Michelle et al,2005)

**2- ئەو لێکۆڵینەوانەی تاووتوێی تایبەتمەندی کەسایەتی دەکەن**

**2-لێکۆڵینەوە عەرەبییەکان:**

-لێکۆڵینەوەی یونس، زوایمیة (2022)

ناونیشانی لێکۆڵینەوە : (تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و پەیوەندیی بە بەکارهێنانی سزا لەلایەن مامۆستا لە قۆناغی سەرەتایی)

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاشکراکردنی پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و بەکارهێنانی سزایە لەلایەن مامۆستای قۆناغی سەرەتاییەوە، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بۆ 10 قوتابخانەی سەرەتایی لە شاری قالمە ئەنجامدرا، چاوگەنموونەکەی (80) مامۆستای ئافرەت و پیاو بوو، کە بە ڕێگەیەکی ڕووپێوی وەرگیرابوون، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لێکۆلێنەوەکەش توێژەر میتۆدی وەسفی و پشتبەستن بە تاقیکردنەوەی کەسی بەکارهێنا، کە خۆی لە لیستی فرایبۆرغ و فۆرمی تایبەت بە سزادا دەبینییەوە، بە بەکارهێنانی گورزە ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش spss هەژماری ناوەندی و لادانی پێوەریانەو تاقیکردنەوەی دووبارەی ڕێژەی سەدی و هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێرسۆن و ئەلفا کرونباخ ئەنجامدران، لێکۆڵینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە پەیوەندی لە نێوان تایبەتمەندییە کەسایەتییەکان و بەکارهێنانی سزا نییە لەلایەن مامۆستای قۆناغی سەرەتاییەوە، ئەو تایبەتمەندییەی کەسایەتیش جوودا دەکاتەوە بریتییە لە هێمنی، هەروەها ئەوەش دەرکەوت کە هەندێك جار سزاش بەکاردەهێنێت.

**-لێکۆلینەوی بیانی**

لێکۆڵینەوەی موڕای و ئەوانیتر (Murray, Rushtar & Paunonon, 2002):

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی مامۆستا و هەڵسەنگاندنی قوتابی لە شەش جۆر لە ڕەوتە زانکۆییەکان) لە کەنەداو لەندەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە (29) تایبەتمەندیی کەسایەتی بۆ (46) مامۆستای دەروونزانی پشکنی، ئەوەش لە میانی نرخاندنی قوتابی بۆ ئەو مامۆستایانە، ئەو مامۆستایانە لە (6) وانەی زانکۆیی کە زیاتر لە ئاستێك دەخویندرێت لە ئاستی (ساڵی یەکەم هەتا خویندنی باڵا)، دەنرخێندرێن، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەش بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

1. چالاکییەکانی وانەگوتنەوە جۆراوجۆر دەبێت، بەپێی جیاوازیی هەر کۆرسێك بۆ هەمان مامۆستا.

2. چالاکییەکانی وانەگوتنەوە لە میانی ڕەوتە جیاوازەکانەوە، کە دەکرێ بە وردی و لە میانی مەزەندەکردنی تایبەتمەندییە کەسایەتییەکان پێشبینی بکرێن.

3. تایبەتمەندیی

ە دیاریکراوەکانی کەسایەتی، چالاکانە بەشداری لە وانەگوتنــەوە دەکات و بەپێی جۆری وانەکەش جیاوازیی هەیە.

4. تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی پەیوەستە بە جیاوازیی ئەو وانانەی کە مامۆستا دەیانڵێتەوە، بۆیە ئامۆژگاری ئەوە دەکرێت کە زۆر پێویستە مامۆستای دەروونزانی وانەو بابەتە جیاوازەکانیش بڵێتەوە.

**3-ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە**

**1-3ڕێبازی توێژینەوەکە**

بریتییە لە گەڕان دەربارەی ئێستا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە دیاریکراوەکان بە بێ دەستێوەردانی توێژەر (سهیل دیاب، 2003: 82).

توێژینەوەی وەسفی پەیوەندی بە کارهات لەبەر ئەوەی دەگوونجێت لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە.

**2-3 کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە "کۆمەڵە ڕەگەزو توخمێك و ئەو کەسانەی بایەخ بە لێکۆڵینەوەیەکی دیاریکراو، یان کۆمەڵە سەرنجدان، یاخود پێوانەکردنێکە لەو بڵاوکراوانەوە کۆکراونەتەوە" (ابو صالح، 2000: 249).

کۆمەڵگەی توێژینەوەش بریتیە لە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی ناوەندی پارێزگای هەولێر، ناوەندی پارێزگای سلێمانی ،بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022)، پێکهاتووە لە(1786) مامۆستا وهەروەك لە خشتەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی (1) خستنەڕووی کۆموڵگای توێژینەوە**

| شوێن | ژمارەی مامۆستا | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| هەولێر | 727 | 1786 |
| سلێمانی | 1059 | |

**3-3نموونەی توێژینەوەکە:**

مه به ستی سه ره کی له هه لبژاردنی نموونەی توێژینەوە بۆ دە ستکە وتنی داتاو زانیارییە لە بارە ی کومه لگه وه . وە بریتییە لە بە شیك لە و کۆمە لگە یە ی کە خە سـلە تیکی هاوبە شی تیدایە و نوینە رایە تی کومە لگە کە ی دە کات.(بۆکانیسابیر ،٢٠٢٠،ص:١١١،١١٢) نموونەی توێژینەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی چینایەتی کە پێکهاتبوو لە ٣٦٠ مامۆستای باخچەی منداڵان کە ،کە ١٨٠ مامۆستا لە ناوەندی پارێزگای شاری هەولێر و ١٨٠ مامۆستا لە ناوەندی پارێزگای شاری سلێمانی ، دەکاتە سەدا ٢٠ ی کۆمەڵگای توێژینەوە بۆیە بەم شێوەیە وەرگیراوە تاکوو ڕێژەی هەڵە کەمتر بێت .

**خشتەی(2) خستنەڕووی نموونەی توێژینەوە**

| شوێن | ژمارەی مامۆستا | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| هەولێر | 180 | 360 |
| سلێمانی | 180 | |

**4-3ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

ڕاپرسی: "ڕاپرسی بە ئامرازێکی گونجاو دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و داتاو ڕاستییە پەیوەستەکان بە واقعێکی دیاریکراوەوە. ڕاپرسی بە شێوەیەکی گشتی ژمارەیەك پرسیار دەخاتەڕوو و داوای وەڵامدانەوەیان دەکات لە لایەن ژمارەیەك کەسی پەیوەست بە بابەتی ڕاپرسییەکە" (ملحم، 2002: 147).

**5-3 -ئا مادەکردنی پێوەری پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیی کەسایەتی:**

دوای بە دواداچوون لەسەر ژمارەیەک لە توێژینەوەکانی پێشوو پەیوەست بە پاڵپشتی کۆمەڵایەتی پێوەرێکی گونجاوی نە دۆزرایەوە کە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەدیبهێنیت، بۆیە دەستکرا بەئامادە کردنی پێوەری پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لەلای مامۆستایانی باخچەی منداڵان، پاش گەڕانەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوو و لەو سەرچاوە زانستیانەی کەپەیوندیان بەپێکهاتە و تایبەتمەندی نموونەی توێژینەوەکەوە هەیە دەستکرا بە دیارکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە بە گەڕانەوە بۆ ئەم توێژینەوانە (القطراوی 2013)، ( الدیدامونی2010)، بڕگەکان دیارکران کە پێکهاتبوون لە (50) بڕگە بە شێوەی سەرەتایی.

پاش گە ڕانە وە ی بۆ تویژینە وە کانی پیشوو و ئە و سە رچاوە زانستیانەی وەك (محویز كريمة 2005) و (الزين أحمد 2020 ) كە پە یوە ندیان بە پیکهاتە و تایبە تمە ندی کەسایەتی هە یە لە لایە ن ماموستایان، دەستکرا بە ئامادەکردنی ئەم پێوەرە ئامانج لە ئامادە کردنی ئە م پیوە رە ش بە مە بە ستی زانینی ئاستی تایبەتمەندی کەسایەتی بوو لەلایەن مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر و ناوەندی پارێزگای سلێمانی،بۆیە سوود وەرگیرا لە پێوەری تایبەتمەندی کەسایەتی (غنام،٢٠٠٥) کە پێکهاتبوو لە (٣٩) بڕگە بە شێوەی سەرەتایی.

**6-3 دیاریکردنی نمرەکانی پێوەر**

تویژە ر هە ستا بە ڕاستکردنە وە ی نمرە ی بڕگە کانی پیوە ر کە دابە شبووە لە نیوان بڕگە ی ئە رێنی و بڕگە ی نە رێنی و نمرە کانی دیاریکرد، هە روە کو لە خشتە ی خورەوە روونکراوە تە وە.

**خشتە ی (3) رونکردنە وە ی دابە شکردنی نمرە کانی وە لامدانە وە لە سە ر**

| بڕگەی ئەرێنی | زۆر ڕازیم | ڕازیم | بێ لایەنم | ڕازی نیم | زۆر ڕازی نیم |
|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی ڕاستکردنەوە | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
| بڕگەی نەرێنی | زۆر ڕازیم | ڕازیم | بێ لایەنم | ڕازی نیم | زۆر ڕازی نیم |
| نمرەی ڕاستکردنەوە | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |

**7-3 ڕێنماییە کانی وە ڵامدانە وە بو بڕگە کانی پیوە ر:**

ڕێنماییە کانی تاقیکردنە وە بریتییە لە ڕوونکردنە وە ی ئامانجی پیوە رە کە و پیدانی بیروکە و زانیاری بە ماموستایان دە ربارە ی پیوە رە کە وە کو ژمارە ی بڕگە کان شیوازی وە ڵامدانە وە ی بڕگە کان وە کاتی تە رخانکراو بو وە ڵامدانە وە هە روە ها داواکردن لە ماموستایان کە هیچ برگە یە ک بە جی نە هیلن بە بی دە ربڕینی بوچوون لە سە ری هیچ وە ڵامیکی ڕاست و هە ڵە لە ئارادا نییە بە ڵکو دە ربڕینی بوچوونی تایبە تی خویانە و کاریگە ری ناکاتە سە ر ئاستی زانستیان بویە تویژە ر ڕینمایی پیوە رە کە ی دارشت بە لە بە رچاوگرتنی ئە وە ی کە ئە و رینماییانە بە زمانیکی سادە و روون ،بیت وە دووربیت لە ناروونی.

**8-3 تایبەتمەندی سایکۆمەتری پێوەری پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی کەسا یەتی:**

**ڕاستگویی:**

ڕاستگۆیی یەکێکە لەو تایبەتمەندییە سایکۆمێتریانەی کە لە دروستکردنی پێوەرەکەدا پێویستە (مجذوب ،٢٠٠٣ ، ص (١٠٥) وەڕاستگۆیی ڕاپرسیش پشتڕاستکراوەتەوە لە ڕیگای ڕاستگۆیی ڕواڵات راستگۆیی وەرگێڕان هەروەک لە خوارەوە باسکراوە

**أ-ڕاستگۆیی ڕواڵەت:**

مەبەست لە ڕاستگۆیی ڕوواڵەت پشکنینی میتۆدیانەی ناوەڕۆکی ئەنجامدانی کارێکەو ئاماژە بەوەش دەکات کە ئایا پێوانەی ئەوە دەکات کە لە پێناو پێوانەکردنیدا ئامادەکراوە، یان ئەوەی ئێمە دەمانەوێ پێوانەی بکەین. (میخائیل، 2006: 255).

پێوەرەکە پێشکەش بە کۆمەڵێک پسپۆڕی بواری زانستی دەروونی و پەروەردەیی و پێوان و هەڵسەنگاندن کرا بۆ دڵنیابوون لەڕاستی و ڕەوانی  برگەکان و ڕاستودروستییان لە ڕێگەی ڕاپرسییەکەوە کە داواکرا لە شارەزاکان بۆ ئەوەی ڕاو بۆچوون و تێبینی خۆیان دەربڕن دەربارەی ڕاستی و درووستی ڕاپرسییەکە بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە.

**ب-ڕاستگۆیی وەرگێڕان:**

تویژە ر بە مە بە ستی گە یشتن بە ڕاستگویی وە رگیران بۆ پێوەری پاڵپشتی کۆمەڵایەتی ئە م هە نگاوانە ی خوارە وە ی گرتە بە ر:

1- خستنە ڕووی برگە کانی پیوە رە کە بە زمانی عە رە بی بو پسپوڕیکی شارە زا لە زمانی کوردی و عە رە بی تا پیوە رە کە وە رگیریتە سە ر زمانی کوردی

2- خستنە ڕووی برگە کانی پیوە رە کە بە زمانی کوردی بو پسپوریکی شارە زا لە زمانی عە رە بی و کوردی تا پیوە رە کوردییە کە وە رگیریتە سە ر زمانی عە رە بی.

تویژە ر بە راوردی لە نیوان هە ردوو پیوە رە کە کرد، بە مە ش تویژە ر لە ڕاستگویی وە رگیرانە کە دلنیا بووە وە کە هە ردوو پیوە رە کە وە کو یە کن.

**جێبەجێکردنی پێوەر لە سەرنموونەی ڕاپرسی:**

دوای ئامادە کردنی برگە کانی پیوە رە کە  لە سە ر نموونە ی راپرسی جیبە جیکرا کە پیکهاتبوو لە (100) مامۆستا لە باخچەی منداڵان لە ناوەندی  پاریزگای هە ولیر، لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراو مە بە ست لە ئە نجامدانی ئە م ریکاریە بو زانینی ئە مانە ی خوارە وە بوو:

**9-3-شیکردنەوەی ئاماری بۆ برگەکانی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و پێوەری تایبەتمەندی کەسایەتی:**

بۆ گە یشتن بە ڕاستگویی بنیاتنانی ڕاپرسی بە پشت بە ستن بە هە ردوو شیوازی هیزی جیاکە رە وە ی برگە کان وڕاستگۆیی گونجانی ناوخۆیی بو فورمە کان بە مە بە ستی هیشتنە وە ی یان لابردنی برگە کان کە تویژەر لە ڕێگای نموونە ی ڕاپرسی کە ژمارە یان (100) فورم بوو بە دە ستی گە یشتبوو   لە ماویەکی کاتی دیارکراو، مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم ڕێکارییە بۆ زانینی ئەمانەی خوارەوەبوو:

أ- هێزی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی کەسیایەتی

هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەری تایبەتمەندی کەسایەتی لەلایەن مامۆستایانی باخچەکانی منداڵان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر:

مە بە ست لە هیزی جیاکە رە وە ی برگە ئاستی تواناکە یە تی بو جیاکردنە وە ی لە نیوان کومە لە ی ئاست بە رز و کومە لە ی ئاست نزم (المولودية 2019 ،ل(29)

پاش ڕاستکردنە وە ی وە ڵامە کان تویژە ر هە ستا بە ئە نجامدانی ئە م ڕێکارییانە ی خوارە وە:

1 ڕێکخستنی نمرە کان و ڕیز بە ندکردنییان بە شێوە ی بو خوارە وە یی، واتا لە بە رز بو نزم.

2 وە رگرتنی (27) فورمە کان بو بە رزترین نمرە کە کومە ڵە ی بە رز دە نوینی وە وە رگرتنی (27%) فۆرمە کان بو نزمترین نمرە کە کومە ڵە ی نزم دە نوینی.

پاشان دابە شکردنییان بو سێ ،چین چینی یە کە م بە رزترین ئاست (27% جارانی (100) بکریت = 27) هە مان ریکاری بوچینی دووه م کە کومە ڵە ی نزم دە نوینی و بە هاو بە هاکانی دیکە ش کە ریژه یان (46%) بوولە جیاکارییە کانی برگە کان پشتگوی خران. بە م شیوه یە (27) مامۆستا لە کومە ڵە ی بە رز و (27) مامۆستا لە کومە لە ی نزم وه رگیران کە کوی هە ردوو کومە لە دە کاتە (54) ماموستا

3- تویژه ر تاقیکردنە وه ی تائی((t.test بە کارهینا بو هە ردوو نموونە ی سە ربە خو بو زانینی جیاوازی نیوان ناوه ندە ژمیرییە کان بو نمرە ی هە ردوو کومە ڵە ی بە رزو نزم، و بو هە ر برگە یە ک لە برگە کان هە روه کو لە خشتە ی(5-4) خورە وە ڕوونکراوە تە وە:

**خشتەی(4)هێزی جیاکاری برگە کانی برگەکانی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی**

| ژ | کۆمەڵەی بەرز – نزم | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی t | P-Value | ژ | کۆمەڵەی بەرز – نزم | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی t | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.55 | 1.05 | 1,55 | 0.126* | 26 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.55 | 0.89 | 2.17 | *0.034 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.11 | 1.05 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 4.07 | 0,72 | | |
| 2 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.66 | 0.96 | 2.54 | 0.014* | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.11 | 0.84 | 3.60 | *0.001 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.03 | 0,85 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.14 | 1.09 | | |
| 3 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.88 | 1.08 | 1.85 | 0.070* | 28 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.81 | 1.00 | 3.74 | *0.000 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.37 | 0,96 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 2.66 | 1.24 | | |
| 4 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.55 | 0.57 | 2.36 | 0.022* | 29 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.40 | 0.63 | 4.42 | *0.000 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 4.03 | 0.97 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.44 | 0.93 | | |
| 5 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.85 | 0.98 | 3.10 | 0.003* | 30 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.44 | 0.84 | 1.58 | *0.120 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 2.85 | 1.35 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 4.07 | 0.87 | | |
| 6 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.70 | 0.66 | 1.86 | 0.068* | 31 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.48 | 1.39 | 2.70 | *0.009 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 4.33 | 0.78 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 2.44 | 1.42 | | |
| 7 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.88 | 1.08 | 1.076 | 0.287* | 32 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.66 | 0.62 | 3.73 | *0.000 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.59 | 0.93 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.96 | 0.75 | | |
| 8 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.62 | 0.62 | 2.87 | 0.006* | 33 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.70 | 0.46 | 3.24 | *0.002 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 4.11 | 0.69 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.96 | 1.09 | | |
| 9 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.55 | 0.57 | 3.37 | 0.001* | 34 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.44 | 0.80 | 3.40 | *0.001 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.88 | 0.84 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.66 | 0.87 | | |
| 10 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 2.44 | 1.19 | 0.967 | 0.338* | 35 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.11 | 0.97 | 2.10 | *0.040 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 2.74 | 1.05 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.51 | 1.08 | | |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **0.91 | 0.12 | 1.36 | 3.40 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 36 | 0.001* | 3.68 | 0.46 | 4.70 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 11 |
| | | 1.04 | 3.37 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 1.05 | 3.88 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.000 | 1.23 | 1.45 | 2.55 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 37 | 0.000* | 4.00 | 0.42 | 4.88 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 12 |
| | | 1.17 | 3.00 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.86 | 4.14 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.362 | 0.92 | 1.51 | 2.85 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 38 | 0.015* | 2.50 | 0.87 | 4.18 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 13 |
| | | 1.12 | 2.51 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.62 | 3.66 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| 0.**841 | 0.20 | 1.50 | 2.40 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 39 | 0.001* | 2.95 | 0.45 | 4.85 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 14 |
| | | 1.17 | 2.33 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.63 | 4.40 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.525 | 0.63 | 0.98 | 4.25 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 40 | 0.000* | 4.33 | 0.57 | 4.40 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 15 |
| | | 0.69 | 4.40 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.67 | 3.66 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.001 | 3.54 | 0.78 | 4.18 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 41 | 0.106* | 1.64 | 0.74 | 4.62 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 16 |
| | | 0.75 | 3.44 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.90 | 4.25 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.001 | 3.60 | 1.15 | 4.11 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 42 | 0.000* | 4.18 | 0.81 | 4.14 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 17 |
| | | 1.10 | 3.00 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 1.22 | 2.96 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.659* | 0.44 | 1.71 | 3.18 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 43 | 0.009* | 2.69 | 0.87 | 4.18 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 18 |
| | | 1.33 | 3.00 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.93 | 3.51 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.000 | 4.10 | 1.02 | 3.74 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 44 | 0.021* | 2.38 | 1.32 | 3.70 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 19 |
| | | 1.28 | 2.44 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 1.18 | 2.88 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.694 | 0.39 | 1.05 | 3.77 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 45 | 0.000* | 4.31 | 0.54 | 4.70 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 20 |
| | | 1.01 | 2.88 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.97 | 3.77 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.007 | 2.82 | 1.10 | 3.70 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 46 | 0.000* | 4.38 | 0.32 | 4.88 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 21 |
| | | 1.21 | 2.81 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.81 | 4.14 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.913* | 0.110 | 1.24 | 2.33 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 47 | 0.000* | 5,28 | 0.69 | 4.59 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 22 |
| | | 1.23 | 2.29 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.89 | 3.44 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.043 | 2.07 | 1.35 | 2.33 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 48 | **0.59 | ٠ 0.58 | 1.05 | 4.22 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 23 |
| | | 1.12 | 3.03 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.78 | 4.07 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |
| *0.648* | 0.46 | 1.48 | 2.74 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 49 | 0.000* | 3.99 | 0.80 | 4.22 | 27 | کۆمەڵەی بەرز | 24 |
| | | 1.47 | 2.55 | 27 | کۆمەڵەی نزم | | | | 0.69 | 3.40 | 27 | کۆمەڵەی نزم | |

| ژ | کۆمەڵە | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی t | P-Value | ژ | کۆمەڵە | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی t | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 25 | کۆمەڵە ی بەرز | 27 | 4.66 | 0.67 | 5.49 | *0.000 | 50 | کۆمەڵە ی بەرز | 27 | 4.59 | 0.69 | 2.32 | *0.024 |
| | کۆمەڵە ی نزم | 27 | 3.55 | 0.80 | | | | | | | | | |

* بەڵگەداری ئامارییە.          **بەڵگەداری ئاماری نییە

**خشتە ی (5) هێزی جیاکاری برگە کانی پیوە ری تایبەتمەندی کەسایەتی**

| ژ | کۆمەڵەی بەرز – نزم | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی t | P-Value | ژ | کۆمەڵەی بەرز – نزم | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی t | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.77 | 0.42 | 1.46 | *0.148 | 20 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.70 | 1.35 | 0.89 | *0.377 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 4.59 | 0.50 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 4.00 | 1.07 | | |
| 2 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.70 | 1.32 | 5.82 | *0.000 | 21 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.85 | 1.32 | 0.22 | **0.825 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 1.92 | 0.87 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.77 | 1.12 | | |
| 3 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.33 | 1.20 | 2.34 | *0.088 | 22 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.59 | 1.27 | 3.97 | *0.000 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.48 | 1.45 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 2.33 | 1.03 | | |
| 4 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.92 | 0.82 | 3.67 | *0.001 | 23 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.59 | 1.33 | 2.02 | *0.049 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.11 | 0.80 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 2.88 | 1.21 | | |
| 5 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.33 | 0.91 | 3.38 | *0.001 | 24 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.29 | 1.03 | 1.68 | *0.098 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.51 | 0.84 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 3.77 | 1.21 | | |
| 6 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 4.22 | 1.12 | 5.57 | *0.000 | 25 | کۆمەڵەی بەرز | 27 | 3.14 | 1.32 | 2.77 | *0.008 |
| | کۆمەڵەی نزم | 27 | 2.44 | 1.21 | | | | کۆمەڵەی نزم | 27 | 2.22 | 1.12 | | |
